کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:50 15-2-2007

# ڤالانتاین و ئەقسا و ئیسرائیل . چەند پەیڤێک لەگەڵ خانمێکی میسری ... کرمانج عەلی

kirmanjali@yahoo. com

ڕۆژی 4/14 بوو. ویستم لە نێو گێژەنی کارو سەرقاڵی کەمێك خۆ بدۆزمەوەو بزانم گەنجانی وڵاتانی تر چۆن ڕۆژی ڤالانتاین بەسەردەبەن. فایل و فۆڵدەرەکان و سایتەکانی سیاسەتم داخست و چوومە چات. لە یەکێك لە ژوورەکانی چات لەگەڵ خانمێك کەوتینە نووسین. سەرەتا بەهۆی ئەوەی ناوەکەی ڕۆژاوایی بوو (engy)، وام زانی خەڵکی ڕۆژاوایە، بۆیە حەزم کرد لە بارەی ئەوەی ڤالانتاین لە لای تاکی ڕۆژاوایی چی دەگەیەنێ پرسیار بکەم، بەڵام نەمزانی دیسان سیاسەت و ململانێ دەبێتەوە سەرباس.

گواستنەوەی ئەو چەند دێرە بە مەبەستی ناساندنی ئاستی تێگەیشتنی جیهانی عەرەبە لە گۆڕانکارییەکان و ڕادەی جیهانبینی ئەوان دەردەخا بۆ خوێنەری کوردستانی.

لێرە بە ئەمانەتەوە دەقی گفتوگۆکە (بە ڕەزامەندی ئەو) بە کوردی دەنووسمەوە.

(سەرەتا بە ئینگلیزی دەستمان پێکرد)

یەك: ڤالانتاینت پیرۆز بێ.

دوو: سوپاس لە تۆش پیرۆز بێ.

یەك: پێدەچێ لای ئێوە ئەم ڕۆژە زۆر میهرەبان بێ.

دوو: نا نا وانیە.

یەك: تۆ لە چ وڵاتێکی؟

دوو: میسر.

یەك: بەڵام ناوەکەت لە عەرەبی ناچێ؟

دوو: ڕاستە وایە. ئەی تۆ؟

یەك: من کوردم.

دوو: تورك؟.

یەك: نا نا، کورد. چیە زانیاریت نیە؟

دوو: با کورد، لە عێراقی؟

(لێرەوە زمانی گفتوگۆمان بووە عارەبی)

یەك: بەڵێ

دوو: شیعەی یان سوننەی؟

یەك: هیچیان

دوو: چۆن ئەی تۆ موسلًمان نیت؟

یەك: با من کوردێکی موسڵمانم. بەڵام باوەڕم بە ئاینزا نیە.

دوو: بۆ وا دەڵێی؟.

یەك: چونکە دین خۆی شتێکە لە دەرەوەی خواستی خۆمان بۆمان دانراوە. بۆ نموونە من ئەگەر لە هیندستان بوومایە ئێستا هیندۆس دەبووم.

دوو: بێگومان وایە، بەڵام لە ڕێی دینەوە خوا پەیامی‌ُکی پێسپاردووی. باشە تۆ لەسەر کام مەزهەب نووسراوی؟

یەك: سوننە.

دوو: سوپاس بۆ خوا. منیش سوننەم. برادەر هاوخەمتانم بەرامبەر ئەو تاوانانەی شیعە بە پشتیوانی داگیرکارە ئەمێرکییەکان بەرامبەرتان ئەنجامی دەدەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەك: ئەمە چ پەیوەندییەكی بە ئەمێركاوە هەیە. ئەمە شەڕی نێوان كرێگرتەكانی ئێران لەلایەك و كرێگرتەكانی قاعیدەو سوریایە. لێرە ولاتێك خوێنی لێدەچۆڕێ.
دوو: ئا ئا وەكو ئەقسا. بەو حالەش گەنجەكان مێشكی خۆیان بە جەژنی خۆشەویستی جەنجاڵ دەكەن.
یەك: كوا خۆزگە وا بوایە. خۆزگە خەڵك هەموو سەرقاڵی خۆشەویستی دەبوون. ئەو كاتە ئاشتی بالادەست دەبوو.
دوو: بە قسەی تۆ بێ واز لە ئەقسا بهێنین كاول بكرێ و تەنها خەریكی خۆشەویستی بین.
یەك: بزانە مەسەلەی ئەقسا و دەیان مەسەلەی تر دروستكراون بۆ ئەوەی گەلانی رۆژهەلات لە بازنەی خوێن و شەڕ بسووڕێنەوە. دواجار هەر خەڵك زەرەرمەندن.
دوو: خوا لەگەڵمانە.
یەك: خوا ئاشتی لە مرۆڤ دەوێ.
دوو: بەڵێ ئاشتی بەلام نەك لەگەڵ ئیسرائیل.
یەك: بەڵكو لەگەڵ تەواوی كۆمەڵگەی بەشەری.
دوو: ئەی چی لەو سەرشۆڕییە بكەین كە هەموو ساتێك بەهۆی ئیسرائیلەوە دووچاری دەبین. ؟
یەك: ئەم سەرشۆڕییەی تۆ باسی دەكەی وەهمێكە حاكم و شێخەكانی عەرەب لە مێشكی ئێوەی دەچێنن. تاكو لەسەر سفرەی ئەم وەهمە بلەوەڕێن و بونیادی خۆیان و نەوەكانیان و نەوەی نەوەشیان پتەو و بەهێز بكەن.
یەك:. . . . . . .
دوو: باشە ئەو منداڵە ئیسرائیلیەی لە كردەیەكی خۆكوژی پێوەدەبێ، تاوانی هەیە؟
یەك: نەخێر. بەلام ملیۆنان منداڵی موسڵمان بە دەستی ئەو تاوانكارانە لە سەرتاسەری جیهان كوژراون. بۆیە لە جێی سندان قوزەڵقورتە.
یەك: تۆ دەزانی زۆربەی مندالانی موسڵمان بە دەستی موسڵمانان خۆیان كوژراون.
دوو: بۆچی؟
یەك: سەیری رەوشی عێراق و جەزایر ئێران بكە. كوشتارەكان كێ ئەنجامیان دەدەن؟ ئەی تۆ ئەنفالت بیسنوە؟ ئەودەمەی سەدامی موسڵمان 182 هەزار كوردی موسڵمانی بێتاوانی لەناوبرد. هاوڕێ. . . هەر موسڵمانەو موسڵمان دەكوژێ.
دوو: بەلام بە بڕوای ئێمە شیعە موسڵمان نین. ئەوان لەگەڵ ئەمێركییەكان دووسەدهەزار موسڵمانی سوننەیان لە عێراق كوشتوە.
یەكەم: ئەوە كێیە فەتوای كافربوونی شیعەی داوە؟ قەرەزاوی؟ تەنتاوی؟ شەعراوی؟
دووەم: من. مەگەر ئەوان سەد جوێن و بوختان بۆ باب و دایكت نانێرن؟
یەكەم: باب و دایكی من؟ كوا؟ بۆ؟
دووەم؟ ئەی گوێبیستی جوێن و درۆو بوختانەكانیان نەبووی لەسەر ئەبوو بەكری سدیق و عائیشەی دایكی ئیمانداران.
یەكەم: ئەها. . . . من لەگەڵ جوێن نیم بەرامبەر هیچ كەسێك بەكاربێ، بەلام با كێشەكانی شیعەو سوننە بە گفتوگۆ چارەسەر بكرێ نەك بە كوشتن و بڕین و تقینەوە.
دووەم: لەگەڵ ئەوان گفتو گۆ ناكرێ.
یەكەم: لەگەڵ هەموو كەس دەكرێ بەلام بە نەفەسێكی عەلمانی و دیمۆكراتیانە.
دووەم: لەگەڵ شیعە رەنگە گفتوگۆ بكرێ. بەلام لەگەڵ ئیسرائیل مەحاڵە.
یەكەم: چ كارەی؟

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دووەم: خوێندکاری کۆلیژی ئەندازیاریم لە زانکۆ.

یەکەم: هیوادارم گەورەتر دنیا ببینی. بە هیوای سەرکەوتن.

(گفتو گۆ تەواو)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.